# ئایا دروستە لە کەفارەتی سوێند خواردندا لە چێشتخانە خواردن بۆ هەژاران بکڕێت

< کوردي >

شێخ محمد صالح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# هل يجزئ في كفارة اليمين أن يشتري طعاما للمساكين من المطعم ؟

< كردي >

فضيلة الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ئایا دروستە لە کەفارەتی سوێند خواردندا لە چێشتخانە خواردن بۆ هەژاران بکرێت

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە:

**پرسیار :** ئایا دروستە لە کەفارەتی سوێند خواردندا لە چێشتخانە خواردن بۆ هەژاران بکرێت؟ یان دەبێت وەك زەکاتی سەرفیترە هەر برنج بێت؟.

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی : ﴿لَا يُؤَاخِذُكُمُ اللَّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِنْ يُؤَاخِذُكُمْ بِمَا عَقَّدْتُمُ الْأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ﴾ [ المائدة : 89 ] .

واتا : خودا ئەو سوێندانەتان لێناگرێت کە بەبێ قەصد دێت بەسەر زمانتاندا، وەك ئەوەی بڵێیت: وەڵڵاهی لە فلان جێگا بووم، یان لەکاتی خواردندا بەکەسێیك دەڵێیت بەخوا دەخۆییت، یان بەخوا ناخۆم، بەڵام ئەوەی لێتانی دەگرێت ئەو سوێندانەیە کە بەدەست ئەنقەست دەیخۆن، وەك ئەوەی بڵێیت: وەڵڵاهی ئەو کارە ناکەم، کەچی دوایی بیکات. جا ئەگەر ئەو جۆرە سوێندە بشکێنرێت و وەفای پێ نەکرێت، دەبێت سوێندخۆر یەکێك لەم سێ کارە ئەنجام بدات: یان خواردن بداتە دە هەژار لەو خواردنە ناوەندی یانەی کە دەیداتە ماڵ و منداڵی خۆی, یاخود دە کەسی هەژار پۆشتە بکاتەوە، یان کۆیلەیەك ئازاد بکات.. جا ئەگەر کەسێك توانای هیچ کام لەو سیانەی نەبوو، ئەوە پێویستە سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بێت. دەفەرموێت: ئەوەیە کەفارەتی سوێندەکانتان ئەگەر بیانشکێنن و وەفایان پێ نەکەن.

لەبەر ئەوە واجب لە کەفارەتی سوێند خواردندا هەڵبژاردنی یەکێك لەم سێ شتەیە : خواردنی دە هەژار، یان پۆشاك کرین بۆیان، یان ئازادکردنی بەندەیەك، جا ئەگەر یەکێك لەم سێ کەفارەتەی بۆ کرا ئەوا دروستە و لەسەری لادەچێت، وە گەر نەیتوانی ئەوا دەتوانێت لەبری ئەوە سێ ڕۆژ ڕۆژوو بگرێت...

جا ئه‌گه‌ر هاتوو مرۆڤی موسڵمان له تۆڵه وكه‌فاره‌تی سوێنده‌كه‌یدا خواردندان به هه‌ژارانی هه‌ڵبژارد ئه‌وه خۆی سه‌رپشكه له‌م بژاردانه‌ی خواره‌وه‌دا :

یان ئه‌وه‌تانێ خواردنی لێ نه‌نراو بدات به‌هه‌ژاران وه‌ك ئه‌وه‌ی هه‌ركه‌سێكیان دووكیلۆ و نیو برنجی ووشكی بداتێ، یان ئه‌وه‌ی به لێنراوی پێیان بدات، یان خواردنی ده هه‌ژار له‌ماڵه‌وه لێ بنێت و بانگیان وخواردنه‌كه‌یان پێشكه‌ش بكات، هه‌ریه‌كێك له‌و سێ بژارده‌یه بكات دروسته و كه‌فاره‌ته‌كه‌ی له‌سه‌ر هه‌ڵده‌گیرێت، وه‌ك ئــه‌وه‌ی زانایان باسیان لێوه كردووه .

ئیبن قه‌یم ( ڕه‌حمه‌تی خوای لێ بێت ) له‌م باره‌یه‌وه ووتویه‌تی **:** " **الذي دل عليه القرآن والسنة : أن الواجب في الكفارات والنفقات : هو الإطعام ، لا التمليك (أي : إطعام المسكين ولا يشترط أن يُعطَى الطعام ويتملكه ، فلو دعي إلى الطعام جاز ...و قال : وهذا هو الثابت عن الصحابة رضي الله عنهم .**

**ثم ذكره عن علي وابن مسعود وابن عمر وأبي موسى الأشعري رضي الله عنهم .**

**قال : وهذا مذهب أهل المدينة وأهل العراق وأحمد في إحدى الروايتين عنه ... وهو سبحانه عَدَلَ عن الطعام ، الذي هو اسم للمأكول ، إلى الإطعام الذي هو مصدر صريح ، وهذا نص في أنه إذا أطعم المساكين ، ولم يملكهم : فقد فعل ما أمر به ، وصح في كل لغة وعرف أنه أطعمهم** " [ زاد المعاد (5/441-445) ]

واتا : ئه‌وه‌ی له قورئان و سوننه‌ت به‌ڵگه‌ن له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته ئه‌وه‌یه : بێگومان واجب وپێویست له كه‌فارات و نه‌فه‌قاتدا ئه‌وه‌یه كه كه خواردندان بێت، نه‌ك به موڵك كردنی خواردن، واتا : خواردن بدرێت به هه‌ژاران، چونكه مه‌رج نیه خواردنه‌كه‌ی پێ بده‌یت و ئه‌ویش ببێت به‌خاوه‌نی، خۆ ئه‌گه‌ر بانگهێشتت كرد بۆ خواردن ئه‌وه دروسته - واتا بانگهێشتت كرد بۆ سه‌ر خوانی ماڵه‌وه‌تان، یان خوانی چێشتخانه‌یه‌كی بازاڕیش هه‌ر دروسته، چونكه گرنگ له كه‌فاره‌تدا خواردندان به هه‌ژارانه ..

هه‌روه‌ها ده‌ڵێت : ئه‌مه‌ش له هاوه‌ڵانی به‌ڕێزی پێغه‌مبه‌ری خوداوه ثابت وجێگیر بووه .

پاشان باس له‌وه ده‌كات هه‌ریه‌ك له عه‌بدوڵای كوری مه‌سعود و عه‌بدوڵای كوڕی عومه‌ر و ئه‌بو موسای ئه‌شعه‌ریه‌وه ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ئه‌م بابه‌ته‌یان به‌لاوه په‌سه‌ند بووه .

دواتر ده‌ڵێت : ئه‌مه‌ش مه‌زهه‌ب و بۆچونی ئه‌هلی مه‌دینه و عێراق و ڕای ئیمام ئه‌حمه‌ده له یه‌كیك له‌و دوو ڕیوایه‌ته‌ی كه لێوه‌ی گێڕراوه‌ته‌وه،،،، خوای گه‌وره له ئایه‌ته پیرۆزه‌كه‌دا خۆی له ووشه‌ی ( طعام ) لاداوه كه چاوگه بۆ ناوی هه‌موو شتیك كه بخورێت، بۆ ووشه‌ی ( الاطعام ) كه چاوگێكی صه‌ریحه، ئه‌مه‌ش ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێت ئه‌گه‌ر هاتوو ئه‌و كه‌سه‌ی كه سوێنده‌كه‌ی خواردووه و به‌جێی

نەگەیاندووە خواردنی دروستکرد بۆ هەژاران و پێیدان، نەك خواردنەکەیان پێ بدات، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەو شتەی ئەوەی فەرمانی پێکراوە لای خوای گەورەوە ئەو کەسە پێی هەستاوە، چونکە لە هەموو زمان و عورفێکیشدا ئەو کارە پێی دەوترێت خواردن پێدان ...

زانایانی لیژنەی هەمیشەیی فەتوادان یش لەم بارەیەوە ووتویانە : دروستە بۆت –واتا : دروستە لە کەفارەتی سوێند خواردندا –خواردنی نیوەڕۆ یان ئیوارەی دە هەژار و نەدار دروست بکەیت و پێیان بدەیت – جا لەماڵەوە بێت، یان لە چێشتخانەیەك گرفت نیە - یان نیو صاع لە گەنم یان لە برنج، یان هەر خواردنێکی تر کە عادەتەن خەڵکی ئەو شوێنە دەیخۆن ..

الشيخ عبد الله بن قعود ... الشيخ عبد الله بن غديان ... الشيخ عبد الرزاق عفيفي ... الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز . فتاوى اللجنة الدائمة (10/23)

هەر لە بارەی کەفارەتی سوێندەوە پرسیاریان لێ کرا : ئایا واجبە خواردنی ئامادەکراوی لێنراو بێت، یان دروستە وشکیش بێت، وەك برنج و گەنم ؟ ئەوانیش لەوەڵامدا ووتیان : هەردووکیان هەر دروستە، جا ئەگەر هاتوو لەماڵەوە خواردنی دروستکرد و دە کەس لە هەژارانی بۆ بانگهێشت کرد دروستە، یان پێنج صاع خواردنی ووشکیان بداتێ، هەر کەسێکیان نیو صاع هەر دروستە ...

الشيخ عبد الله بن قعود ... الشيخ عبد الله بن غديان ... الشيخ عبد الرزاق عفيفي ... الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز. فتاوى اللجنة الدائمة (14/23)

وە پرسیارێکی تریان لێکرا : لەبارەی کەسێکەوە کە کەفارەتی سوێندی لەسەر بووە : ئەو کەسە هەستا بەوەی پەنجا ڕیالی دا بە یەکێك لە خاوەنی چێشتخانەکان بۆ ئەوەی خواردنی لە چێشتخانەکەی پێ بدات بە دە هەژار، چونکە خاوەنی چێشتخانەکە پێی ووتبوو کە خواردنی هەرکەسێك لەو هەژارانە پێنج ریالی دەوێت ؟

ئەوانیش لەوەڵامدا ووتیان : کەفارەتی سوێند خواردن بریتیە لە خواردندان بە دە هەژار، بۆ هەریەکێکیان نیو صاع لە خواردن بێت، بە ئەندازەی کیلۆ و نیوێك بۆ هەر هەژارێك، یان پۆشاکیان بێت، بۆ هەر هەژارێك دشداشەیەك، یان ئازاد کردنی بەندەیەك، ئەگەر هاتوو یەکێك لەو سیانەی بۆ نەکرا، ئەوا سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبێت ...

جا ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی سوێندەکەی خواردووە، خاوەن چێشتخانەکەی بە وەکیلی خۆی گرت و ئەویش بەو واجبە هەستا و خواردنی دا بە دە هەژار ئەوا دروستە سوپاس بۆ خوای گەورە ..

الشيخ بكر أبو زيد ... الشيخ عبد العزيز آل الشيخ ... الشيخ صالح الفوزان ... الشيخ عبد الله بن غديان ... الشيخ عبد العزيز بن عبد الله بن باز. فتاوى اللجنة الدائمة (121/23 )

بەمەش ڕوون دەبێتەوە ئەگەر هاتوو خواردنت لە چێشتخانەیەك كڕی و دات بە دە هەژار، ئەو بەو كارە كەفارەتی سوێند خواردنەكەت لەسەر لا دەچێت و دروستە ..

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام ..